# گەڕان بەدووای مەرگدا

سارا عومەر، دانیمارک
16 و 17 ی ئۆکتۆبەری 2006
Xozga86@hotmail.com

ئەم هۆنراوەیە بە دەنگی خۆم خوێندراوەتەوە و تۆمار کراوە.

ئەمشەو
شەوی تلانەوەیە
بەناو پێدەشتە بەرینەکانی مردندا
بەناو ڕۆحی خەونە یاخیبووەکاندا
ئەمشەو
شەوی گەڕانە بەدووای مەرگە ئەبەدییەکاندا و
سنگوالاکردنە بۆ دورگەیەک
دوورتر
لە بەگژداچوونی خۆزگە زیندەبەچاڵ کراوەکانم

ئەمشەو
لە نیگەرانی خۆم دەڕوانم بەرامبەر بە ژیان
خۆم بە باڵی شەمشەمە کوێرەیەکاندا هەڵدەواسم
بەرەو تارمایی
من دەبمە فریشتەیەک و
باوەش بۆ خودا دەکەمەوە
باوەش بەو هەورانەدا دەکەم
کە هەمیشە چاویان تەڕە و
بە خوڕ فرمێسکیان لێدەبارێت
ئەمشەو
خۆم دەکەم بەناو شەپۆلە زلەکانی تاریکیدا و
بە تەلبەندە دڕکاوییەکانی پەشیمانید هەڵدەزنێم
ڕۆحیانەتەکەم تێپەڕ دەبێت و
هەر وونبابم... هەر وونبابم !

ئەمشەو
بەنێوانی مردن و ژیاندا تێپەڕدەبم
لەبەینی ڕۆژگارە فریوخواردووەکان و

شەوە یەڵداکاندا
دەبمە گوڵێکی وشکی بێناز و
بە ئەسپایی هەڵدەوەرێم
ئەمشەو
بەسەر پردەکانی ژیان و قیامەتتدا
هەنگاوەکانم جارانی چوار و پێنج دەکەم و
هەر پێی ناگەم!

دەڕۆم بەناو دوکەڵ و تەپوتۆزی غوربەتی خۆمدا و
ئاساری وونبووی هەزاران مێژووی ووشک دەمدۆزێتەوە
کەچی ئەوان هەر خۆیانم لێ لادەدەن
قیامەت لە پێشوازیمدا دەدرەوشێتەوە و
ژیانیش هەر لەکۆڵم نابێتەوە!

ئەمشەو
من هەر بەڕێوەم بۆ پێشوازی کردن لە مەرگ
لە بازنە خاڵی و ئەنگوستیلەئاساکەی خۆمدا دەسوڕێمەوە و
مەرگێک نایەت بەلامەوە
هێندە لەخۆباییە ئەو مەرگە
تەنانەت
ئاوڕیشم لێناداتەوە

ئا ی ی ی خودایە !
چەندە قێزن و شپرزەیە ئەم شەوی خۆ کوشتنە!
تۆ تەماشا بکە
من لە دەریا بێبن و قوولەکاندا دەخنکێم و
کەچی ڕۆحم دەرناچێت
لە بیابانە لماوییەکاندا
لم و گەرمییە کوشندەکان دەمشارنەوە و
هەر نامرم
لە دوکەڵی دوای خەراباتەکانی
جەنگی نێوان مەرگ و ژیاندا
تێکەڵ بە خوێناوی عەشقی مەرگێک دەبم و
خودای ڕۆژگار هەر نامکوژێت!
بەناو ئەم نیوەشەوی مەرگەساتەدا
سەرەڕۆیانە و مەجنونئاسا
هەر ڕێدەکەم .. هەر دەگەرێم
هەر پێی ناگەم

ئەمشەو
هەنگاوەکانم هەر یەن و ئەزەلیتر دەبن و
پاشقول لە یەکتری دەگرن
موعجیزەئاسا دەکەونە وروژان و پەلەکردن
ئەوان
هەر هەوڵی گۆڵکردنیانە لە ژیان و
ڕسواکردنی دوژمنی مەرگ

ئەمشەو
قاچە بچووکە قڵیشبردووەکانیشم
لەناو جووتێک نەعلی لاستیکی دڕاوی سپیدا
هەر پاڵ بەیەکترەوە دەنێن
بۆ دۆزینەوەی کوچەیەکی تاریکتر
تەماویتر
نادیارتر لە کوچەی هەبوون و ڕۆحە زیادەکان
چونکە ئێمە هەموومان زیادەین لەم ژینەدا
هەموومان بە مانایەکی هیچ هاتووین و
دواتر ملکەچی دەڤەرێکی نادیارتر دەبینەوە
دەڤەرێکی خواوەندی
خواوەندێکی نەبینراوی بێڕەنگ
دوورتر لە ڕاستەقینەی ئەندێشە و
وونتر لە هەموو شتێکی ئەم سەر زەمینە
کێ دەڵێت ڕۆژێک دێت و خواوەند دەمان گرێتە خۆی
کێ ناڵێت
خالق
ئێمەی لێتەوقنییە و
تورمانناداتە ئەودیو لێوارەکانی قەبرەوە ؟؟
من هەر دەگەڕێم
هەر دەگەڕێم بە دووای مەرگدا!

ئەمشەو
هەنگاوەکانم زۆر سەرەڕۆن
ملی ڕێگا چۆڵ و هۆڵەکان دەگرن
بەرەو کوچەی هەناسەدانی ئەو "جرەبەگزادانەی
کە لە سەرمادا ڕەقبوونەتەوە
بۆلای ئەو سواڵکەرانەی
کە لە برسا لەتێک نانی ڕەق نەبووە بیهاوێژنە دەمیان و

دەروونیانی پێتێر بکەن
قاچەکانم لە "جرپوجۆپدان
بۆ سۆراخکردنی
بوونەوەرە داماوەکانی تری ئەم کەوکەبە قوڕبەسەرە
کەوتونەتە پێشبڕکێ
بۆ دۆزینەوەی یەکەم نیگای مەرگ
یەکەم سڵا و
یەکەم پێشوازی لێکردنی

ئاییییی ئەمشەو
ئەوانەی لە ڕێگا دەیانبینم
هەر دەدوێن و
دەدوێن و
بۆڵە بۆڵیانە
ئاخ و ئۆف لەم عینادییەی من هەڵدەکێشن
(بەشوێن مەرگدا)
بەڕقێکی توندەوە
لە ئەرزەکەی ژێر پێیان توند دەبن و
نایانەوێت دووربکەونەوە لێم
کەچی من
بەناو تاریکایی ئەوانیشدا
تێپەڕ دەبم

ئای خالقی بەهەشت و دۆزەخ
منی "کروشمەکردو
هەر دەبێت بڕۆم
هەر دەبێت بگەمە ئەو پەلکە زێڕینەیەی
کە پاش بارینی بارانی بەهارێکی سەوز هەڵگەڕاو
بە مەکر و نازێکی زۆرەوە
عەیارانە خۆی دەر دەخات و
وەک گەیەنەرێک
لەبەینی ئاسمان و زەویدا
خۆی پێشانی زۆرداریی دەدات
وەک جۆلانێیەک
لە هەورەکانەوە بۆ وشکانی
لە هەورەکانەوە بۆ تەڕایی
لە هەورەکانەوە
وەک پرچی دایکم

شۆڕ دەبێتەوە بۆ ناوجەرگەی تکاکانی تەمەن
بۆ ناوجەرگەی
نزاکانی بەرچایی بێوەژنێکی جەرگ سوتاو
دواتر
وەک بووکێک
لە بەینی ڕۆژی خۆ ئامادە کردن بۆ ژیانێکی نوێی تر و
شەوی شوکردنیدا ئەدرەوشێتەوە
وەک زەردەخەنەیەکی خۆشدڵ
لەسەر نیگای کیژێکی وردیلە هەڵدەقوڵێت و
ڕومەتەکانی چاڵ دەبێت پێوەی
لێوەکانی هەر دێن و
تەنک و تەنکتر و
ناسک تر و
پەمەیتر دەبن
من هەر دەبێتە بگەمە ئەو پەلکەزێڕینەیە
هەر دەبێت دەستم بگاتە ئەو "ئەسانسیرە

دەبێت بگەمە ئەو پەلکەی
کە ڕەنگە وێڵەکانی لە خۆی بەستوە
ڕەنگی خۆزگە
ڕەنگی هیوا
ڕەنگی ئارامی
ڕەنگی بێدەنگی
ڕەنگی تۆ
دواتر
ڕەنگی من
ئەمانە هەموو ئەو ڕەنگانەن، کە لەئامێزی مەرگدان
زۆرن ڕەنگەکان
زۆرتر لە ئەستیرە تۆراوەکان و
بڵندتر لەو ئاسمانەی پێێوەی نوساون
ئاییی
هەر دەبێت پەلکەزێڕینە بمگەیەنێتە مەرگ
لەوێوە ئەچم
بۆلای نەنکم لە ئاسمان
باپیرم
کە لە سەرو هەورەکانەوە
دەستی میهرەبانی و
ڕزگارکردنم بۆ درێژ دەکات و

**من پێی ناگەم!!!!!!**
**بۆ باوەشی خاڵم**
**کە دڵنیام**
**لە هەر کوچەیەک بێت**
**ئێستا بیرم دەکات**
**بۆ لای هاورێکەم**
**کە خۆی لە بەرگی سپی ناوە و**
**لەسەر پەڵەیەک لە هەورەکان دانیشتووە**
**بەناو نامۆیمدا تێپەڕدەبێت و**
**بەجووتێک چاوی بریسکەدارەوە**
**لێمدەڕوانێت**
**دڵنیام چاوەڕێی من دەکات**
**دڵنیام**
**چاوەڕێی مەرگ دەکات ... یان**
**لەچاوەڕوانیی**
**پەلکە زێڕینەدایە بمگەیەنێتە لای ئەو**
**ئای ی ی ی**
**هەر دەبێت بگەم**
**هەر دەبێت بگەم بە مەرگ**

**لەم شەوەدا**
**من کە دەستم لە خۆم شتووە و**
**بە تەنورەیەکی سپی و**
**کراسێکی سپی و**
**قردێلەیەکی سپی و**
**کۆڵۆنێکی سپیتر و**
**جوتێک گۆرەوی دڕاوی دیسان سپییەوە**
**بەناو ئەم بیابانە لماوییەدا هەر ڕادەکەم**
**هەر ڕادەکەم**
**کەچی من هەر بە مەرگ ناگەم**

**بەناو تاریکی و تەموومژ و**
**ترسناکی ئەم شەوانەدا غارغارێن دەکەم**
**هەر پێی ناگەم**
**بەناو ڕوخان و تێکچونی خۆمدا هەنگاو دەنێم**
**لەگەڵ مەلە نووستووەکانی شەودا دەدوێم**
**بێزاریان دەکەم بە پرسیار**
**وازیان لێناهێنم**

**تا ڕێگای مەرگم پیشان نەدەن**
**بەڵام ئەوان هەر پێم ناڵێن**
**هەر پێم ناڵێن**
**دڵنیام**
**ئەوان خۆیان لە تاڵیی مەرگ دەدزنەوە**
**ئەوان بەوێنەی من وێران نین**
**بە وێنەی من بێزار نین**
**ئەوان ژیانیان خۆشدەوێت**
**یان نازانم**
**پێدەچێت ژیان ئەوانی خۆشبوێت و**
**وەک لەزگە**
**وەک موی لوت**
**خۆی بەوانەوە هەڵواسیبێت**
**من هەر ڕادەکەم و**
**بە مەرگ ناگەم... پێی ناگەم!**

**ڕێگام دەکەوێتە سەر گۆڕستانێک**
**لەوێ.. هەر لەوێ**
**زۆرترینی قاو قیژی ئەو ڕۆحیانەتانە دێنە بەر گوێم**
**کە سەر پێچیان لە ژیان کردووە**
**کە خۆیان کردووە بەساقەی گوریسێک و**
**لە ملی خۆیان ئاڵاندووە لە بێزاریدا**
**گوێم لە زیکەی ئەو کیژۆڵانەیە**
**کە خۆیان سوتاندووە لە ترسی ژیان**
**ئەو منداڵانەی**
**لە نەداریدا خۆیان فڕێداوەتە نێو دەریا قووڵەکان**
**لە بەر نەبوونی هاودەرد و**
**هاوسەفەرێک و**
**لەبەر زوڵمی ڕۆژگار**
**ئیتر لەوێ ماسی و جانەوەرەکان خواردوویانن و**
**ئێستا لە حەوت تەبەقەن**
**ئەوان ئیستا لە بەهەشتەوە بانگم دەکەن**
**ئەوان**
**لە دێر زەمانەوە منیان بە مەرگ لە قەڵەم داوە و**
**مەرگیش بە من**
**بەڵام من تەنها دەیانبیستم**
**نایانبینم**
**دەیانبیستم !**

من ناشترسم له‌ مردن
نامه‌وێت ترسنۆک بم
وه‌ک پاڵه‌وانه‌ فیززله‌کان
خۆم نادەمە بن دارێک و
چرپه‌یه‌م نه‌یه‌ت
هاوار نه‌که‌م!
یان له‌ ترسی مه‌رگ
بێده‌نگ ببم
نا ..
هه‌رگیز نا

ئه‌ی نابینیت ؟؟
من خۆم بانگی ڕوخساری مه‌رگ ده‌که‌م
ده‌گریم
سێڕیزه‌ فرمێسک ده‌ڕێژم
نایه‌ڵم که‌س ده‌ستی یارمه‌تی به‌ سه‌رمدا بهێنێت و
ماچێکی خۆشه‌ویستیشم لێ بکات
من هه‌ر ده‌کڕوزێمه‌وه‌
وه‌ک منداڵێکی کۆڵان، که‌ چۆن بۆ له‌فه‌یه‌ک قاورمه‌ ده‌گری
یان دایکی له‌گه‌ڵ خۆی نایبات بۆ بازاڕ و
نایه‌ڵێت چمکێکی عه‌باکه‌ی سه‌ری بگرێت
هه‌ر ده‌گریم

من ناگریم بۆ ژیان
منی ماندوو له‌ ژیان
ته‌نها و ته‌نها بۆ مه‌رگ چاوم ته‌ڕ ده‌که‌م
بۆ مه‌رگ له‌ خۆم ده‌ده‌م
به‌رگی سپی بۆ مه‌رگ ده‌پۆشم
نینۆکه‌ ڕه‌شهه‌ڵگه‌ڕاوه‌کانم بۆیه‌ ناکه‌م تا نه‌مرم
به‌ته‌مام
له‌گه‌ڵ خۆمدا شوشه‌ بۆیه‌ په‌مه‌ییه‌که‌م
ببه‌م بۆ ناو گڵ
با له‌وێ سپیده‌کان
په‌رییه‌ ڕاستگۆکان
که‌سانێکی تر
له‌ ئاسمانێکی تر په‌نجه‌م بۆیاخ بکه‌ن
سوراویش ناکه‌م

**نەکا کەسێک بێتە سەر ڕێگام و**
**بەم نیوەشەوە وەک خێو**
**لێوم بەماچێکی شەکەت تەڕبکات و**
**بیرم نەچێتەوە تا ئەبەد**
**نەکا پەڕەکانی لێوم هەڵوەرن و**
**دوایی بۆنی گوڵاوم لێببڕێت**
**نا... سوراو ناکەم**
**هەڵی دەگرم**
**تا پەپوولەکان ئەو لێوانەم بۆ سور بکەن**
**ئەوان یەکەم ماچ و**
**دووهەم ماچ و**
**سێهەم ماچ و**
**دواهەمین ماچی لێبکەن**
**بۆ مردن**
**بۆ دوورکەوتنەوە**
**بۆ ژیانی دووای مردنیش**

**هاااا ...بیرت نەچێت**
**ناشمەوێت بۆ ساتێکی بچوکیش بخەوم**
**هەز دەکەم**
**تەنها  چاوم لە ئامێزی قەبردا بچێتە خەو**

**ئاییی ئەمشەو**
**من هەر لەوێ هاوار دەکەم**
**دەناڵێنم بەدەست ژیانەوە**
**دەڵێم توخوا وەرن**
**ئەوە سەری من و ئەوە پێڵەقەی ئێوە**
**ئەوە ناوچەوانی من و ئەوە تفی بۆگەنی ئێوە**
**ئەوە دڵی من و ئەوە چنگ و نینۆکی چڵکنی ئێوە**
**بیگوشن و خوێنەکەی دڵم بۆخۆتان بەرن!**
**ئەوەش جەستەم و ئەوە فیشەکی ئێوە**
**ئەوە خاکی بەر پێتان و ئەوەش پاچی ئێوە**
**هەڵیکەنن گۆڕێک بۆم لە تەنهایی**
**گۆڕێک**
**نزیک لەو دەنگانەی، کە پێی ناگەم**
**لەو خۆشەویستیەی، کە نایبینم و نەمدیوە**
**نزیکتر لەو رۆحانەی**
**کە سنگیان بۆ مەرگ کردۆتەوە**

له هەموشیان نزیکتر لەم دڵەی من
کە جارێک ڕۆشنایی نەدیوە

ئەمشەو
هەر دەڕۆم و ڕێدەکەم
بەناو تاریکیدا دەناڵێنم
جل و بەرگم شڕو پڕ دەبێت
دەنگم دەنوسێت و
وەک ئاوازی دەنگی ژنێکی بەساڵاچوو ناخۆش دەبێت
چیتر ناتوانم بقیژێنم بەگوێچکەی کەڕی ژیاندا
دەستەکانم دەکەونە لەرزین و
پیاڵەیەک زوخاویتریشم پێهەڵناگیرێت!!!
ئیتر گۆچانی پیریش خۆیم لێدەدزێتەوە
سەرم سپی دەبێت و
پڕی دەبێت
لە ڕشک و ئەسپێی چاوزەق و برسی
چاوەکانم لە بینین دەکەون و
تەنانەت تارمای و
سێبەرەکانیشی پێنابینم
قاچەکانم لە پێ دەکەون و
ئیتر ناتوانم ئەو ڕێگایە ببڕم بۆلای مردن
کەفتەکاری سەر جێ دەبم و
نوزەی دەنگم دەرنایەت
بەڵام هەر چاوەڕوانم
گوێم هەڵخستووە بۆ خشپەیەک
لەلای مەرگەوە بێت
لە دەرگای ژوورە ساردو سڕەکەم بدات و
دەست بنێت بە پەنجەرە کەڕووخواردووەکەمدا و
لەوێوە ڕۆحم فێری فڕین بکات بەرەو کۆتایی

من
لە شوێنێکی قووڵتر لە ڕۆحمدا
قوڵتر لە هاوارکردن بە تاریکیدا
هەر دەگەڕێم
هەر سۆراخدەکەم
هەر ڕادەکەم
لە دامێنی چیاکان دەپاڕێمەوە
لەقەراغەکانی تاریکییەوە

هەڕەشەی فڕێدانی خۆم دەکەم بەناو دڕۆکانی زەویدا
قەڵەمبازی گەورە گەورە دەنێم
بەناو زۆنگاو و بڵێسە شوومەکانی (با) دا
لەسەر سنوورەکانی شێتی گیرۆدەی بەزۆر ژیان دەبم
تکا لە ئەندێشەو و ڕاستەقینەی بیابان دەکەم
بەناو کێڵگە و ڕەزە کرمێیاوییەکاندا ڕادەکەم
لەکەنار ڕووبارە بێئاگاکان
وەک گەڕۆکێکی نائاسودە
هەڵوێستە دەکەم و
دەپاڕێمەوە لە ئاو!!!!!

ئەمشەو
بە شێتی خۆم پێدەکەنم و
کەچی خەندەکانم پڕ دەبن لە گریان
قاقاکانم لافاوی فرمێسک دروست دەکەن و
هەرچی خۆڵی ژێر پێم و بەردەمیشم هەیە
لە گۆڕستانێکی غەمگین و بێپاسەوان دەچن

ئاخخخخ .. ئاخخخ خوایە گیان
کە تامەزرۆی مەرگم
من
هەر لەدووی مەرگ وێڵم و دەگەڕێم
بەبەردەوامی
هەنگاو بەنێو وەنەوز و شەکەتیمدا دەنێم
بۆ دووبارە زیندوکردنەوەی خەونە ئەرخەوانییەکانم
بۆ بینینی کڵپە بە تینەکانی ئێوارانی مەرگ و
جادە قەرەباڵغەکانی زیزبوون لە ژیان دەڕۆم
لە خوێنی ئەم تەنهاییەدا مەلە دەکەم
دەفڕم
ڕادەکەم
هەر پێی ناگەم
هەر کۆڵنادەم
وازناهێنم
هەر بەدووای مەرگدا دەگەڕێم تا دەیدۆزمەوە !

دڵنیام
ڕۆژێک دێت و
مەرگ خۆی پێشوازیم لێدەکات

**بەڵام**
**بەر لەوەی مەرگ پێشوازیم لێبکات**
**وازم لێبهێنن**
**با خۆم دەرگاکەی بۆ بخەمە سەر پشت !!!**
**من هەر دەگەڕێم بەدوای مەرگدا**
**هەر دەگەڕێم .......**

**تێبینی :**
**جرەبەگزادە : مەلێکی رەنگاو رەنگی جوانە**
**جرپوجۆپ : هەڵبەز و دابەزی بێفایدە**
**کروشمەکردو : کز ، مات**
**ئەسانسیر : گەیەنەر**